کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
16-7-2007 17:01 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ئەو کاتەی مرۆڤەکان دەبنە خوشک و برای کەر! پەیامێک بۆ "دەشنێ" گیان پێشکەشکاری بەرنامەی بێ کۆنترۆڵ و خوشکە بچکۆلانەکەی دوو کەرەکە! ... شکار ئەحمەد

shkar_qaladzaey@hotmail. com



هەمیشە گووتومە خەڵکی ئەم مەملەکەتەی ئێمە شتی سەیر و سەمەرەئاسایان لێ دەبینرێت، بەتایبەت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، کە بەو دیمەن و هەڵسوکەوتانە توشی سەرسوڕمان و ئەبلەق بوونی چاومان دەکەن!.

بە بینین و بیستنی ئەم چەشنە ڕەفتار و قسانە زۆر جار ئێمەمانان قێز لە خۆمان و قێز لە کارەکەمان کە کاری ڕۆژنامەنووسییە دەکەینەوە، بە جۆرێك شەرم دەکەین بڵێین ئێمە ڕۆژنامەنووسین یاخود ڕاگەیاندکارین!.

ئەوەی دەمەوێت لەم نووسینە کورتەدا ئاماژەی بۆ بکەم و تیشکی بخەمە سەر ئەو هەڵسوکەوت و قسە سەیر سەیرانەی دەشنێ گیانە کە پێشکەشکاری پرۆگرامی (بێ کۆنترۆڵ) ە لە کەناڵی ئاسمانی کوردستان، کە لە پرۆگرامە ئاخر مۆدێلەکەیدا دەیکات و دەیڵێت!!!.

ئا ئەوەتا ئەم خاتوونە لە دوا پرۆگرامیدا چاوپێکەوتنی لەگەڵ گەنجێکی دانیشتووی دارستانێك کردووە کە بە تەنیا دەژیا و خەریکی بەخێو کردنی مەڕ و ماڵات و گوێ درێژە، کە بە دیدی من ئەمە شتێکی جوان بوو و جێگای دەستخۆشی لێکردنە، بەڵام ئەوەی جێی پەنجە بۆ درێژ کردنی منە ئەوەیە دوای ئاراستە کردنی چەند پرسیارێك لەم گەنجە، ئینجا چووە لای دوو دانە کەر و بە تەماشاکەرانی گووت: ئێستاش چاوپێکەوتن لەگەڵ برا کەرەکانمان دەکەین!، دواتر وشەی "کاك کەر!"یشی بەکارهێنا!!!.

من پێم خۆشە هەندێ نەسیحەتی ئەم کیژۆڵەیە بکەم و پێی بڵێم: "ئەزیزی من گوێدرێژ ئاژەڵە و وشەی کاکیش بۆ مرۆڤەکان بەکاردێت، بۆیە پێموایە جوان نییە ئەم وشەیە بە گوێدرێژێك بڵێی!، و بیهێنیتە ریزی ئەوان"!.

بەڵام ناهەقت ناگرم خانمە پێشکەشکارەکەی کەناڵی ئاسمانی کوردستان، دەشێ لەو کاتەدا کۆنترۆڵی خۆت لەدەست دابێت و وەکو پرۆگرامەکە بێ کۆنترۆڵ مابێتەوە، بۆیە دوو دانە کەری عەبوست بە کاك و بە برای خۆت شوبهاند!!!.

پێم خۆشە دڵنیاشت بکەمەوە کە جگە لە "عومەر کلۆڵ" سکرتێری گرووپی کەرگەلی کوردستان و هاوڕێکانی، کەسێکی تر ئەم شێوە ئاخاوتنەی جەنابتانی بەدڵ نەبوو، چونکە هەر ئەو و هاوڕێکانی وەکو تۆ عاشق و موعجیبی کەرن و بە برا و کەسوکار و خۆشەویستی خۆیانی دەزانن و قبوڵ دەکەن!!!.

لە کۆتاییدا تەنها ماوە بڵێم هەزار شوکر بۆ خوا کە بە هەردوو برا کەرەکانت شاد و شوکر بوویتەوە، خوا ئەم دوو برایە عەبوس و ناشیرینەت لێ نەستێنێ و توشی حاڵەتی جەرگ سووتانت نەکات!!!.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.